# جینۆسایدی کورد بە ناوی " ئەنفال " ی ئیسلام و هەلوێستی ئیسلامگەرەکانی کوردستان.

کازیوە سالح

جینۆساید کە مانای فەوتانی بە کۆمەل، فەوتانی بنەچە لە هەموو روویەکەوە، کوشتارو پاکتاوکردن و قرانی بە کۆمەل دیت، ئەم زاراوەیە پاش کۆکوژیەکانی هۆلۆکۆست و ناکازاکی و هیرۆشیما هاتە نیو جیهانی کوشت و بری بە کۆمەل، کە ئاشکرایە کۆشت و برکردن میژوویەکی دیرینی هەیە و سەرجەم شۆرشەکانی جیهان پیدا گوزەریان کردووە، بەڵام شیوازەکانی جیاوازو ریژەیی بوون، ئەو جیاوازیانە کە ناکری بەراورد نەکریٚ بە هیرۆشیما کە بە تەواوی نمونەی کیمیایی بارانی هەلبجە و ئەنفالی کوردە، ئەو ئەنفالەی لە رەهەندە جیاوازەکانی میژوودا لە ئاینەوە وەرگیراوە، واتە ئەنفال ئەو ووشەیەیە کە لە سورەتی هەشتەمی قورئاندا هاتووە و واتای ( تاڵانی) دەبەخشیت، ئەم سورەتەش ( ٧٧) ئایەتەو ئایەتی یەکەمی بەم شیوەیە دەست پی دەکات (ویسالونك عن الانفال قل الانفال لله ولرسوله فاتقوا الله واصلحوا ذات بينكم واطيعوا الله ورسوله ان كنتم مؤمنين) واتە دەربارەی ئەنفال لیت دەپرسن بلیٚ ئەنفال تایبەتی خواو پیغمبەرە، مەترسی خواتان بیت و لە لادانی فەرمانەکانی خۆتان بپاریزن : نیوان خۆتان چاک بکە ن و ملکەچی خوداو پیغمبەر بن ئەگەر باوەردارن. ئەمە ئەو ئایەتەیە کە رژیمی بە عس دەیکات بە مەرجەع و ئەلتەرناتیڤیکی بەهیز بۆ رەوایەتی وەرگرتنی کوشت و بر و پاکتاوکردنی گشتی و خوین رشتن، لیرەوە هەر سیٚ فاکتەری دەسەڵات خوازی و دەسلاّت سازی و دەسەڵات بازی بە سەر ئەو کەمە نەتەوایانەدا پەراکتیزە دەکات کە ریبازو هەرەشەکانی بەعس کۆنترۆلی نەدەکردن. لە کاتیکدا ئەو نەیدەویست هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی و مرۆیی لە عیراقدا دروست ببێت، هەمیشە لە هەولی سازدانی ئەو کارەساتانەدا بووە ( دەسەڵات سازی) لە گەل ئەو فاکتەرانەی دەبن بە هۆی کۆنترۆلکرنی تاک وسەرجەمیان دەکەونە نێو بازنەی دەسەلات خوازی ئەوەوە، بە عس بە هیچ شیوەیەک نە رەهەندی تاکگەریی و نە رەهەندیی کۆمەلگەریی قبول نەبووە لە عیراقدا، تەنها رەهەندیکی جێکیری هەبوو ئەویش رهەندی خۆکردو دەستکردە، هەمیشە هەولی داوەو هەول دەدات سە رجەم شتەکان دەستکردی خۆی بن، لە دەسەڵاتی گەردوونەوە تا سەرجەم دەسەڵاتەکانی تر، لە دەسەڵات و ویستەکانی ئەوەوە وەرگیرابیت، هەموو دروست کراوە گەردونیەکان بسریتەوەو دروستکراوی خۆکردی بخاتە جیگا، بۆ ئەم مەبە ستەش پیویستی بە هەموو جۆرەکانی یاری دەسەڵاتبازی هەیە و هەبووە.

غەریزەی دەسەڵات خوازی بەعس دەگات بە رادەیەک سەرەتا جینۆسایدی ئاین بکات و ئاینیکی خۆ کردو تەفسیری ئاینیکی خۆکرد بهینیتە ئاراوەو بیکاتە بەهانەیەک بۆ کۆنترۆلکردنی مرۆڤ، لە ئەنفالدا بەعس و وسەرۆک و وینەی سەرۆک باڵادەکەن تا دەیگەیەنن بە ئاستی وینەی خواوەند لای ئیماندارو ریبازی بەعسیش هیندە باڵادەکەن تا دەیگەینن بە چوواندنی ریبازی قورئان لای موسولمان، بەو شیوەیە دەیەویٚ سەرمەدی خواوەندو ئاین لە خۆیدا بەرجەستە بکات، بە رادەیەک باوەر بە دەسەڵاتی گەردوونی خۆیی دەهینیٚ، دەیەویٚ هەموو نادیارەکان بگۆریٚ یۆ دیارو هەموو سروشتی ژیان و سروشتی مرۆڤ بگۆریٚ بۆ مرۆڤی خۆکرد و بەعس پەرست، بۆ دروست کردنی مرۆڤی بەعس کردیش پەنا دەباتە بەر بنەچەی نادیاری خۆیی و درەختیکی خیزانی وەهمی بۆ خۆی دەسازێنیٚ و خۆی دەباتەوە سەر ئیمامی عەلی و پێغەمبەر، دەبێت بە نەوەی پێغەمبەر و لەوێوە مافی میراتگری بە خۆیی دەدات و پەراکتیزەی ئەو دەسەڵاتە وەهمیە تۆلیتارییە دەکات کە لە چوارچیوەی دەسەلاتبازی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشاوە و قورئان و ئاینیش دەکات

به پیشینه ی ئەو ڕەوایەتی بەخشینە و بە بۆماوەییەکی خێزانی خۆی دەزانێ، بۆیە لە ئایەتی ئەنفالدا کە خودا داوا لە موسولمانان دەکات لە پێناوی خوداو پیغمبەرو ئاینەکەیدا بۆ شکانی کافران وناحەزانی ئیسلام لە شەری بەدردا، ئەگەر کافرەکان نەیێنە سەر ریگای خودا پەرستی، وەکو ئەرکیکی ئاینی ئەمان بچنە سەر ڕێگای قافلەکەیان و لە ناویان بەرن و تالآنیان بکەن، بە مەرجی ئەوەی هەموو ئەو سەرچاوە مادی و مەعنەویانەی کە دەیگرن حەلآلیان کراوە، پیغمبەریش وەکو پەیامبەریکی دلسوزی خوداو ئەو مەسەلانە، سەرۆکایەتی ئەو جەنگە دەکات و پەیام و فەرمانەکانی خودا بە موسولمانان دەگەیەنیت، کە دەچنە شەری بەدرەوە لە گەل قورەیشەکان سەبارەت بە سەروەت و سامان و دەستکەوتەکانی جەنگ پشت بە ئایەتەکانی ( ٧، ٦، ٥) ی سورەتی ئەنفال دەبەستن، بە هۆی زۆریی هێزی قورەیشەوە موسولمانەکان دەترسن ئەو شەرە تاقی بکەنەوە لەویوە پیغمبەر دەلی: ( لەو شەرەدا یان سەروەت و سامانتان دەست دەکەویت یان بە سەر خۆیاندا زال دەبن و لە شەرەکەدا سەردەکەون پەیامی خوداش دەکات بە بەلکە کە دەلی : ( **کما اخرجك ربك من بیتك بالحق وان فریقا من المؤ منین تکرهون (٥) ویجدلونك الحق بعد مانبین کانما یساقون الی الموت وهم** ینظرون (٦) واذا یعدکم الله احدالطائفتین انها لکم **فی** وتودون ان غیر ذات الشوکة تکون لکم ویرید الله ان یحق الحق بکلمته ویقطع دابر الکافرین (٧) . . .) .

واتە هەروەکو خوا تۆی لە مالت هینایە دەری ( بۆ جەنگی بەدر) لەحالیکدا بە راستی هەندی لە براواداران پیان ناخۆش بوو (٥) لە گەل ئەوەشدا کە هەقیان بۆ روون بوەتەوە ( بەلآم) لە بابەتی ئەوەی لە گەل تۆ شەرە قسە دەکەن ( وەها ترس و وەحشەت) دایگرتبوون وەک ئەوەی بەرەو مەرگ دەبران و مردنیان بە چاو ئەدی ( ٧) وە بیر بینەوە کاتیک خودا بەلینی پیدان کە یەکی لەو دوو دەستە ( کاروانی بازگانی قورەیش یان سوپاکەیان) دەبێتە هی ئێوە. . . بەلآم ئێوە پێتان خۆشە ئەوەی بێ چەکە ( واتە کاروانەکە) تان پێ بگات و ( دەستی بە سەردا بگرن) وە خوا دەیەوێ بە واژەی خۆی هەق بسەلمێنێ ورەگ وریشەی کافران لە بندا ببرێت (٧) . . .) .

سەروکی بەعسی عێراق، پرۆسەی شەری بەدر بە ئەنفال دەچوێنێ و ئەو ڕەوایەتیەی خوا بە پیغمبەرو موسولمانەکانی بەخشی بەرامبەر بە ( کافرەکان) ، ( سەدام) بە خۆی دەبەخشێ بەرامبەر بە ( کورد) واتە سەدام دەسەلاتی خواوەندی بە خۆی دەبەخشێ و عەلی حەسەن مەجیدیش ( عەلی کیمیاوی) دەسەلآتی پەیامبەری خۆی یان پێغەمبەری خۆی پێ دەبەخشێ و ریبازی قورئان و رێبازی بەعسیش بە یەک دەچوێنیت ئەوانەی لە کەل رێبازی بەعسدا نین بەو لادەرانە ناوزەدیان دەکات کە لە رێبازی قورئان لایان دەدا و دژایەتی ئیسلامیان دەکرد، بە زەبری شمشێرو تیر و رم دەکران بە موسولمان، ئەنفال پەیوەند دەکات بە خۆی دەست و پەیوەندەکانی و جاریکی دی شەری بەدر هەلدەگیرسینی لە گەل کورد او تەفسیریکی دی بۆ سورەتی ئەنفال دەکات بە پێی بەرژەوەندی و رێبازی بەعس، هەردوو لایەنی ( کورد و شیعە) بە هەردوو تایەفەی ( المیرو النفیر) دەچوێنێ لەو شەرەدا و لە سالآنی سەرەتادا (٣٥) هەزار کوردی فەیلی دەردەکات بۆ ئیران، ئەوەش لە ترسی ئەوەی دەزانیت شیعەکان لە زونگاووکاندا دەتوانن جەماوەر پەیدا بکەن و خەلکیان لە گەلدا بیت ئەو جەماوەرییێتەش وا دەکات ئێرانیش بۆیان ببێت بە پالپشتیکی بتەو بەو شیوەیە ببن بە دەسەلآتیکی سەربەخۆ لە دەرەوەی دەسەلآتی ئەودا، بەو بەهانەیە مافی هاولآتی بونیان لێ دەستینیتەوە. دەیانخاتە دەرەوەی سنوری عێراق و لەم کارە دوو فاقیەشدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەعس رژیم و سیستمێیکی عەلمانیەو ئەوانەش ئیسلامین و سەر بە شیعەو کۆماری ئیسلامی ئیرانن، چەند سالێک دوای ئەمانەش کیمیایی بارانی هەلەبجە دەکات دیسان ئەو بیانوەی پێشوو ترو ئەوە دەخاتە بازنەی بیانوەکانێەوە کە پاسداری ئیسلامی ئیران دزەیان کردوەتە ناو

هەڵەبجەوە. بە دواشیدا بە ئەنفالی وەرگیراو لە قورئانەوە جینۆسایدی زیاتر لە ( ١٨٢) هەزار کوردی گوندنشین کرد.

چونکە دەیزانی گوندنشینەکان خەڵکیکی پەروەردەی سروشتن و سەر بۆ کویلەیەتی و دانانەوێنن و ئەو کاتەش لای گوندنشینەکان زیاتر وینەی ( قازی محمد) لە نەستیاندا چەسپیبوو. بەو پییەش سەرکردە لای ئەوان پیویستە دلسۆز و چاونەترس وجوامیر بێت کەسیکیش ئەو سیفاتانەی تێدا بێت پێویستی بە کۆیلە و چوساوە نیە، ئەم ئاکارانەش بە تەواوەتی بە پرەنسیب و رێبازی سەرکردە و بەعس نامۆیە، یەکێک لەپرۆگرامەکانیشی بنبرکردنی کەمایەتیە نەتەوەیەکان بوو لەناو عێراق دا. لێرەوە سەدام بریار لەسەر پرۆسەی ئەنفال دەدا وپەیامی سورەتی ئەنفال بەپەیامبەرەکەی عەلی حەسەن ئەلمەجیدیدا دەنێرێت. لەبری تالانی و دەست بەسەراگرتنی بەدەر، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی جەستەی و سروشتی و ئاینی وتاد جێبەجێ دەکات، ئەوپەیامەی کە لەبەدرداپێغەمبەر بەموسلمانانی دەگووت ( (لەوشەرە مەترسن وپشتیوانی خواتان هەیەخوا دەفەرمووێ ( اذا یوصی ربك الی الملائكة اني معكم فثبتوا الذين امنوا سالقي في قلوب الذين كفروا الرعب فاضربوا فوق الاعناق واضربوا منهم كل بنان) واتە : کاتێ پەروەردگارت وەحی بە ملائکەدا نارد. بە راستی من لە گەڵ ئێوەم جا کەسانێک کە بروایان هیناوە پتەو رایانگرن. ئیمە ترس و وەحشەت ئەخەینە دل و هەناوی کافران و بێ بروایان. جا بە توندی بکوتن بە ناو تەوقی سەریاندا و هەموو پەنجەکانیان ورد بکەن ( دەست و پێیان لە کار بخەن) ١٢.

عەلی کمیاوی ناسراو بە. بە ئەلمەجیدیش ئەو رەوایەتیەی بە خۆی دەبەخشێ و ئەلی ئەوە ئەمری ( السيد الرئيس) ە وریبازی حزبی بەعسە وە ئەلی : ( ( من ووتم لەوانەیە هەندی کەسی باشیان تێدا بدۆزینەوە بەلام هەرگیز وانەبوو) ) لە شۆێنێکی تریشدا دەلی من سەریان پان دەکەمەوە ئەم جۆرە سەگانە دەبێ ئیمە هەر سەریان پان بکەینەوە) ) دیسان دەلی: ( ( ئاگام لێیان بێت ؟ نەخێر، بەلکو بە بلدۆزەر لە گۆریان دەنێم) ) ئەمە هەندێ لە ووتەکانی عەلی کیمیایی بوو لە ناو ئەو ووتانەی تریدا کە میدل ئیست ووچ بلاوی کردوەتەوە. . . بەعس خۆی لە سەرەتادا هیندە سلی لەو ئاکارو کردەوانەی خۆی دەکردەوە کە نەنجامی دابوون، وایەزانی سەرجەم موسولمانان ومرۆڤایەتی لێی دێینە دەنگ. وەکو سازشیکی نێو نەتەوەیی ووشەی ( الله اكبر) ی خستە سەر ئالای عیراق. لێرەوە ئەو ووشەیەشی بردە سەر سازشکاری و شەوانەش کۆنترۆلی سەرجەم کەنالەکانی دەکرد بەو دروشم و قسە بێ بەهایانەی کە گوایە ئەو شەرانەی دەیکات لە پیناوی پاراستنی ئایینی ئیسلام و عەرەب و کەلتور و نیشتمانی عەرەبە ئەمانەش بۆ چەند مەبەستیک بوو :

یەکەم : جۆریک لەو سازشکردنە روکەشانەی بۆ ئەوە بوو کە هیچ دەستێوەردانێکی نێو نەتەوەیی لە کارەکانیدا نەکرێت و ئەو رەوایەتیە بە خۆی بدات و واپیشان بدات کە دەست تێوەردان لەو کارانەی ئەو دەست تێوەردانە لە کاری خوا، چونکە ئەو نەوەی پێغەمبەرەو لە سەروەتی ئاینی سورەتەکانیشدا خودا ئەوی کردووە بە واریس.

دووەم : بۆ ئەوەی سەرنج وسۆزی نەتەوەی عەرەب بە لای خۆیدا رابکێشێت واتە ئەوەی بە کاری دەهێنان جۆریک بوو لە راگەیاندنی سۆزداری، بۆ ئەوەی دان بەو بنەچە وەهمێدا بنێن کە بۆ خۆی خولقاندبوو.

سێ : خواستی دەسلاتخوازی و شۆفێنستی بەعس لەوە زیاتر بوو کە تەنها دروست کاری مرۆڤی کورد و کۆمەلی عێراق بێت. بەلکو خۆی وا دەهاتە پیش چاو کە دەسەلاتی گەردوونی لای ئەوەو ئەرکی سەرشانێتی وەکو پێغەمبەریک موخاتەبەی عەقلی سەرجەم عەرەب بکات و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، چونکە گرێ ی دەروونی سەدام دەسەلات خوازییە و هەموو خەیال و خەونیشی تەرخان کردبوو بۆ

بونیادنانی ئیمپراتۆرێتێکی عەرەبی گەورە لە عەرەبستاندا و خولیای تەبعیس کردنی سەرجەم عەرەب بوو، لەو روانکەیەشەوە بوو پەلاماری ( کوێت) یدا.

چوار : دەیویست پالپشتیک دروستبکات کە مافی مرۆڤی جیهانی لیّ ی بە دەنگ نەیەن.

پێنج : دەیویست لە گەل ئەو سەرکردە عەرەبیانەی کە لە بنەچەی ئیمام و خەلیفەکان بوون خۆی یەکسان بکاتەوەو بگرە زیاتریش بێت لەوان.

شەش : بۆ ئەوەی وایپیشان بدات کە لە گەل دەولەتە بیانی و تەنانەت هەندێ لە عەرەبەکانی دژ بە کورد هیچ پەیوەندی ورێکەوتنیکی نەبەستووە بۆ ئەو مەسەلەیە، چونکە هەندی لەو دەولەتە بیانیانە دوژمنی عەرەبیش بوون

ئەمە و چەندین هۆی تر وایدەکرد بەعس بەرووکەش خۆی بە نوێنەری موسولمانان دەناساند و وای پیشان دەدا ئەوەی دەیکات کردەیەکی پێغەمبەرانەو ئەرکێکی موسولمانانەیە، بەلام لە شەری بەدردا کاتیک هێرشیان دەبردە سەر کافرەکان ئایەتیان دەخوێند وپاش گرتنیشیان لە شۆێنەکانیاندا خواپەرستیان دەکرد. بەلام سەدام کاتیّ ( ۱۸۲) هەزار کوردی موسولمانی هەلا هەلا دەکرد و زیندە بە چالی دەکردن لە تەلەفزێوندا سورەتی ئەنفالی دەخویندەوە و ئاماژەی بە پیرۆزی سورەتی ئەنفال دەکرد، کاتیک سوپای سەربازی و هیزی ( جاش بەعس – ئەمانە مرۆڤە بەعس کردەکان بوون) ی دەناردە سەر گوندنشینەکان لە شاشەی تەلەفزیونەکانەوە پیشانی دەدا دەچیت بۆ حەج و لە بەر جەنگەکاندا شەر دەکات، واتە حاجی سەدام لە خاپور کردنی گوندەکاندا بەر لە هەموو شت مزگەوتەکانی دەرووخاند و قورئانەکان و کەشیەکانی دەسوتاندو بەر لە هەموو کەس ئەو حاجیانەی دەکوشت کە قورئانیان دەبردە تکای سوپا درندە کەی کە شەریان لیٔ لادەن، دوژمنی سەرسەخت و بشێوێنەر لای بەعس لە شارەکانیشدا ئەوانە بوون کە هاتوو چۆی مزگەوتیان دەکرد و هەرگیز سیٔ کەس نەیدەتوانی بە یەکەوە بچنە مزگەوت یان لە بەردەم مزگەوتەکاندا مەرحەبای یەکتری بکەن، چونکە بەعس وای مەزەندە دەکرد کە نەخشە بۆ ئاژاوەگێری و دژایەتی کردنی دەسەلاتەکە ئەو دادەنین، مزگەوتی بە دوژمنی دەسەلاتدارییەتی خۆی دەزانی و بە تایبەت کە دەیزانی کەمینە ئیسلامیەکانی ولاتانی ( میسر و سوریا و جەزائیر. . . . تاد) لە مزگەوتەوە سە رچاوەیان گرتووە، واتە سەدام هیندەی ژمارەی مروڤە کوپیەکانی شێوازی خۆی کە لە بری خۆی دەیناردە شۆێنەکان، جۆرو شێوازی بیرکردنەوەی و ئایدۆلۆژیای جیاوازی پیشان دەدا. لە گەل گروپی عەلمانیدا، عەلمانی بوو، حزبی بەعسی بە ئیشتراکی ناوزەد کردبوو. لە گەل نەتەوە موسولمانەکاندا خۆی بە موسولمان دەزانی و لە گەل سەرکردە بنەچە شێخ و ئیمامەکاندا نەوەی پێغەمبەر بوو، کردەوەکانیشی گرەوی لە دکتاتۆرترین دەسەلات بردبووەوە، ئەو وەهمی پێغەمبەرایەتییەی سەدام پاش راپەرین و شکست خواردنیشی لە کۆێتدا هەر نەسراوەتەوە، لە ئیستاشدا پیّ ی وایە چۆن پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر پێویست بوو کەسێکی لە پێغەمبەران وخەلیفەکان جێگەی ئەو بگرن بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و ئەو دەسەلاتە لە دەسەلاتی خەلیفە و دەسەلاتدارانی ئایینی دەرناچیت و لە ناویشیاندا کام خەلیفەیان لە هەموان زیاتر تەواو کردارەکانی پێغەمبەری تێدا بەرجەستە بێت ئەوەیان دەسەلات دەگریتە دەست، لای ( سەد ام) ی خۆ بە پێغەمبەرزانیش دەیەویە لە ئێستاوە خەلافەتی نا خێزانەکەی دیاری بکات و نەهلێت دەسەلات بچێتە دەرەوەی خێزانەکەی خۆی بۆ ئەم مەبەستەش ( عودەیی) کورە گەورە، دیارە کەمتر لە ئایدۆلۆژیاو مامەلکردن و بیرکردنەوەی خۆی بە نزیک دەزانێت، ( قوسەی) بە شایستەتر دەزانێت و ئاکاریان نزیکترە لە یەکەوە، بۆیە هەر لە ئیستاوە هەول دەدات خەلافەتی پاش خۆی بە ( قوسەی) کورە بچووک ببەخشیت و دەسەلاتی عێراق ئەو بەرێوەی بەریٔ.

www.Kurdistannet.org

بەم شێوەیە بەعسی سەدام و سەدامی بەعس سوکایەتی بە ئاینی ئیسلام و موقەدەساتی کوردو خەلکی عیراق و سەرجەم موسولمانان و کەلتوروداب ونەریتی دەکات، بەلام دەکرێ لێرەوە بپرسین، ئایا تا ئیستا کورد توانی ئەو مەرگەی بەعس پێ ی بەخشی، ئەو ترسەی لە رۆحیاندا بەرجەستەی کرد، کە ترسی شکست و فەنا بوونی نەتەوەیی لە لا سرینەوەو ترسی مەرگ و شکستی ( من و منی بالای) تیدا چاند، کۆمەلیک خەلکی کوردە کۆمبار سێکی هەلپەرستی سەر شانۆی ژیان و کۆملیکیشی بە دۆزەخ سپارد، کورد تا ئەمێستا چۆن مامەلەی لە گەل ئەم مەسەلەیەدا کردووەو دەکات، ئایە توانی ( تعمیم) ی بکات بۆ بە هێز کردنی هەستی نەتەوایەتی، توانی لە کرد ار ومامەلەکردن و ستراتیژی سیاسیدا رەنگ بداتەوەو حیزبە سیاسیەکان ئەو ئاکارانە ی بەعس لە ناو خودی تاکی کوردا چاندی و دەروونی پیس کرد توانیان بنبری بکەن ؟ ئەنفالمان هیندە بە هەن وەرگرت کە کارەساتی ئەخلاقی گەورە بەرامبەر بە ئەنفال و کارەساتەکانمان بخولقینین ؟سیاسی کورد توانی ئەنفال بکات بە بەهانەی لێبوردویەتی وبەستنی پەیوەندی بتەو لە ناوخۆیاندا ؟ ئەنفال رژێمی بەعسی کرد بەو درندەیە لای پارتە سیاسیەکان کە پێیان ئەتک بێت دەست وەربدات لە کاروباریان و جارێکی دی نەتوانێت بە چەکی کورد خۆی بدات لە کورد ؟ ئایا پاش ئەنفال کورد توانی خۆێندنەوە بۆ سایکۆلۆژیەتی خۆی بکات ؟ بێگومان نەخێر، بەو بەلگەی ووشەی (( تالان )) کە پاش پرۆسەی ئەنفال هاتە نێو کردەو ئاکاری خەلکەوەو پێشتر پرۆسەیەکی تەواو نەفرەت لێکراوبوو لە نێو کورددا، بەلام پاش ئەنفال ئەو رەوایەتی دانەی بەعس بوو بەرەوایە تییەکی شەرعی لای خەلک واتا هێشتا لای نەسراوەتەو نەیانزانیوە بەعس چ میکرۆبیکی تێدا چاندوون، بەرادەیەک لە راپەریندا و لە ئێستاشدا لە شەرەکانی ناوخۆو شەری نێوان ئایۆلۆژیاو حزبە جیاوازەکاندا تالانی هەر هەمان شەرعیەتی هەیە و دراوسێ دراوسێکەی دی تالان دەکات لێپرسراو لێپرسراوەکەی دی تالان دەکات تەنها لە بەر ئەوەی لە حزبێکی جیاوازدان یاخود لایەکیان تووشی دژوارێکی سیاسی بووە، ئەو رەوایەتێەی بەعس پێیداو فێری کردون بە خۆی دەدا و هەتا ئیستا پراکتیزەی دەکات، ئەو دیاریدەی راپۆرت نووسینەی کە رەفیق حزبیەکان پیی فێرکرابوو، وایانکردبوو خەلک لە سێبەری خۆشی دەترسا، ئێستاش رەوایەتی راپۆرت نووسین مافی هەموو حزبێکە ئیتر چۆن و بە چ نیازێک نووسیوێتی هەروەکو جاران کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە لە بەرژەوەندی حزبەکە بێت، دیاردەی بالاکردنی کەسێکی حزبی گەرچی ئاست نزمیش بێت بە سەر کەسێکی بێ لایەن گەرچی ئاستیشی زۆر بەرز بێت، دیاردەی لە پێشەوە بوونی خەلکانی هەل پەرست و بێ ویژدان و خراپەکار و. . . . تاد.

ئەمانە و چەندین دیاردەی تر ئەو میکرۆبەبوون کە حزبی بەعس بە مەبەست لە ناو تاکی کورددا هەوێنی کرد، لە ناوماندا بە کردەوەو سیستەمی بەعس ناسرابوو، کەچی ئیستا ئەو نەخۆشییە تیاماندا کوشندە تربوو و هەستیش بە خۆمان ناکەین کە ئەم نەخۆشییە چارەسەری دەوێت، جگە لەوەی هەر حزبێک بە پێی بەرژەوەندی سیاسی خۆی باس لە ئەنفال دەکات و ئەنفال دەکات بە غەمی خۆی یان دارە دەستی خۆی، نەک وەکو کێشەیەکی گشتی نەتەوەیی و نیشتمانی چارەنوسساز، ئەو مەسەلەیە لە ستراتیژی سیاسی خۆیان بە دوو دەگرن. تەنانەت ئەو حزبانەش کە خۆیان دەکەن بە خاوەنی مەسەلە ئاینیەکان و خۆیان بە نۆێنەری ئاینی ئیسلام دەچوێنن لە سەر زەوی، ئەوانیش بێدەنگیان بە بەری ئەنفال بریوە، لە زۆر رووەوە درێژە بەو دەسەلاتە وەهمیە دەدەن کە دەولەتی ئیسلامی بونیاد بنین و تەنها دەستور و ریساکانی ئیسلام نەبێت، بەلکو پێکهاتەی بنەمای کۆمەلی ئیسلامی بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە سیاسی کردنی ئیسلامە. یاخود حزبایەتی کردن و سیاسەت

کردنە بە ناوی ئیسلامەوە ئەو سیاسەتەش وادەکات هێندەی بەرژەوەندی حزبی خوی مامەلە لە گەل مەسەلە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ژیاریەکاندا بکات، لێرەوە ستراتیژی حزبیی خۆیان دەست نیشان دەکەن ودەبن بە چەندین گروپی جیاواز و جۆر بە جۆر، بەلام سەرجەم گروپەکان دەچنەبازنەی دوو تیمەوە. ، تیمێکی توند رەو تیمێکی میانرەوتر، توندرەوەکە تیوری توندو تیژی و تیرۆری کردووە بە دەسپێکی کارەکانی، چ دووەمیشە بە رووکەش توندو تیژی رەت دەکاتەوەو باوەری بە فاکتەرە بەرهەم هێنەرو دیموکراسیەکان هەیە، ئەمەش بە هەردوو شێوە لە خەونە دێرینەکەی خۆیانەوە کە لە سالانی شەستەوە هەولی بە دیهێنانی دەدەن دوور دەخاتەوە، چونکە هیچ کام لەو دوو فاکتەرە بنەمای رێسای ئیسلام خۆی نین، بەلکو ستراتیژی سیاسین کە گروپەکان خۆیان دەیکێشن لە نێوان ئەو نابەرابەرێشدا حزبە ئیسلامیەکان تووشی دیماگۆگیەتی پرۆژی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی بوون و هەبوونی پرۆژەکانیشیان جگە لەوەی پرۆژەی مۆدێرن نین و سواون و دەچنە بازنەی بەرژەوەندی راکیشان ( کسب) ی حزبیەوە، لەم بازنەیەشدا پرۆژەی ئەنفال دەبێت بە پرۆژەیەکی لە بیرکراو و غەمی ئەنفالیش دەبێت بە غەمیکی خودی و تەنها ئەنفال کراوەکان و پاشماوەی ئەنفال کراوەکان دەگرێتەوە، بەلام ئایە ئەم غەمە خودییە کە ئەوان بێ دەنگیان لێ کردووە، وادەکات رەحنەی خودی ( النقد الداتی) لە نێو کەلتوری فکری و رامیاری ئیسلامگەرەکاندا ئامادەگی هەبێت ؟ بێگومان ئەگەر ئەو رەخنەیە هەبوایە دەیانزانی هەریەک لەوان یان ئیسلامییەک ئامادەیە لە سەر ئاکارێکی رابەرەکەی گەرچی نەشیاویش بێت خۆی بدات بە کوشت و کوشتاریش بکات، واتە ئەمیش جارێکی دی دەبێتەوە بە کوژراو و کوژیار، ستەم کاروستەملێکراو، بەلام بەرامبەر بە درندەترین کردار ی دژ بە مرۆڤایەتی نە ئەو دەبێت بە قوربانی و نە برابەرەکەشی جەلاد مەحکوم دەکات، لەواەنەیە لێرەدا مافی رەخنە گرتن بە خۆیان بدەن و بلێن ئێمە بە سەدان مزگەوتمان کردووەتەوە، کاری حزمەتگوزاری پێشکەش بە خەلک دەکەین، هەتیوانە دەدەین و مەلزمە بۆ خوێندکاران چاپ دەکەین، کەم و کوری هەندێ لە قوتابخانەکانی هەلەبجەمان دابین کردووە، لە جەژنی قورباندا گۆشت دابەش دەکەین بە سەر هەندێ مالی ئیسلامیدا، دامەزراو و سەندیکای پیشە جیاوازەکانمان هەیە وەکو یەکگرتووی ( ئەندازیاران، پزیشکان، کاسبکاران، پارێزەران، تەندروستکاران) مان هەیە.

ئەمە راستە گروپە ئیسلامگەرەکان وەکو بزتنەوەو رەهەند و قۆناغی رێکخستن و برینی ئەو قۆناغەش درێژە کێشی کاری ئیسلامە سیاسیەکانی میسرو جەزائیر و سوریا و ئێران و . . . تاد. . ین، بە تایبەتی لە ژێر کاریگەری و درێژە کێشی ئیخوان موسلمینی میسرن، هەروەکو رابەرە سیاسیەکانی هەندێ گروپی ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خەباتی ئەوان ( لە پەنجاکان بە دواوە کۆمەلێک لە خەلکی ئەم کوردستانە بە بۆچونی ئیسلامی خەریکی کاربوون و سوودیان وەرگرتووە لەو مەدرەسەو راپەرینانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا کەوتبوونە رێ بە تایبەت راپەرینی ( اخوان المسلمین) و مەدرەسەی ( النور) و مەدرەسەی ( المودود) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گروپە ئیسلامیگەرەکانی کوردستان زادەی واقعی کۆمەلایەتی کورد نین و هەر یەک لەو گروپانە دامەزراوی لقێکی باکوری عیراق، ئەو دامەزراوانەی میسرو جەزائیر و سوریا کە خۆیان باسی دەکەن، هەر بە هەمان شێوە ئەوان چۆن لە سەرەتای سەر هەلدانیەوە تەنگەژەو دژواریەکانی میسر و هەرەس هێنانە دەستوریەکانی قۆستەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بە هەمان شێوە گروپە ئیسلامییەکانی کوردستانیش قەیرانی ئابوری و شەری ناوخۆی کوردستانیان قۆستەوە بۆ ئەوەی لەو میانەیەوە بچنە نێو سیستەمی سیاسی و خێزان و مزگەوت و خوێندنگەو فەرمانگە و شارۆچکەو لادێ و زانکۆ و . . . تاد، لەو کەنالەدا پرۆسەی حزبی وکاری رێکخستن ئەنجام بدەن. . . بە هەمان شێوەی ئیخوان موسلمین چۆن زانکۆکانیان کردبوو بە ئامانجی سیاسی تا ( لە سالی ۱۹۷۸)

www.kurdistannet.org

کۆنترۆلی خوێندکارانی زانکۆی ئەسکەندەرییەیان کرد. ، ئەو خزمەت گوزاریانەی پێشکەشی خوێندکارانیان دەکرد، وەکو چاپ کردنی مەلزەمە و کتێب و پێداوێستێەکانی خوێندن یان بە خۆرایی یان بە نرخێکی رەمزی وزیاتر بایەخیان بە کۆلیژی پزیشکی و ئەندازیاری دەدابە تایبەتی کە نرخی پێداویستیەکانی ئەو دوو کۆلیژە گرانترە لە کۆلیژەکانی تر. هەروەها لە بەر ئەوەی پۆشاکی ژنان گران بوو، پۆشاکی ئیسلامیان بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشت) وەکو دەزانین هەموو ئەمانە لە کوردستان دووبارە دەبێتەوە بووە بە واقعی ژیان، جگە لەوەی دووبارە بوونەوەی رۆلی مزگەوت کە کراوە بە شوێنی جمجولی سیاسی و رێکخستن و بانگهێشت بۆ سیاسەت کردن و بنکەی دیدارو کۆبونەوە، تەنانەت بۆ هەتیوان بۆ خوێندنی ئیسلامی دەیکەن تا ببێت بە مەکۆی خربوونەوەی ئیسلامگەرەکان بۆ کاری رێکخستن، واتە جارێکی دی مزگەوتەکان دەکەن بە کۆیلەی پرۆسەی دەسەڵاتخوازی، نەک ئیمانداری وەکو لە قسەی یەکیک لە رابەرەکانیشاندا ئەم راستیە دەردەکەوێت کاتێک ئەلێ (( بوونی ئیسلامی سەردەمیش هەر لە مزگەوتەکانەوە سەری هەلداو گەشەی کرد)) هەروەها ئەلێ (( ئەوەندەی ئیمە لە سیاسەت تێ گەشتووین ئاین وسیاسەت لە یەکتری جیا نابینین، بەلکو ئیسلام دینە و دنیاش شەریعەت وسیاسەت و دەعوەت و دەولەتە، پێغمبەر (ص) لە مزگەوتەوە سەرپەرشتی کاری سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەولەتی دەکرد)) . . وەکو دەبینین سەرجەم ئیسلامیەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە چوارچێوەی مزگەوت بۆتەی بەرهەم هێنەری سەربازی و ئیسلام کردنی کۆمەل بێت لە دەرئەنجامی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلوژی، هەر بۆیەش پرۆژەکانیان وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمەی پێ نییە، ئەوانەی دەیکەن شتی دووبارەو سواون، هەرگیز ئیسلامی سیاسی بیر ی لەوە نەکردەوە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە سورەتی ئەنفال کرا بە مەرجەعیک بۆ تاڵان کردن، چۆن تاڵانی پالنەرو کارلیکەرو ئەنجامەکانی چین و چۆن لە ناو ناخی مرۆڤی کوردا چەسپاوە ئەو تاڵانیە ئیستا دەکرێ لە گەل تاڵانی لایەنە ئاینیەکە جیاوازیان چییە ؟، جەحت کردن بۆ سەر ئەو مەسەلەیە تا ئەو رادەیەیی لای خەلک ببێت بە دیاردەیەکی تەواو نەفرەت لێکراو قێزەون نەک رەوایەتی پێدراو، بەڵام هیچ شتێکیان بۆ ئەم مەسەلەیە نەکردووە گوێشیان پێ نەدراوە نەک هەر ئەوە بگرە لە شەری نێوان حزبەکاندا ئەوان سودیان لە کەسە یاساغەکانیش دەبینی وەکو مادە بێهوشکەر قاپاغچیەتیان پێوە دەکردن.

لە لایەکی دی هەموو ئەو مەسەلانەی دی وەکو راپۆرت نووسین وجاسوسیەت و هەل پەرستی سیاسی هەموو ئەمانە نەک ئەوان نەیانتوانیوە تیشکی بحەنە سەر و لە ناو حزبەکانی تردا بنبری بکەن، بە لکو لە ناو گروپە ئیسلامیەکان خۆیاندا لە هەموو دیاریدەیەکی تر بەرفراونترە. ئەگەر حزبەکانی دی کاری سیاسی دنیایی جەماوەریی بیر بردبێتنەوە وەکو حۆیان دەلێن، بەڵام ئایە ئەگەر ئیسلامیەکان وەکو لە بانگەشەکانیاندا دەلێن مەبەستیان جەماوەرە توانیان ئەو وێنە پیرۆز و جوانانەی کە دەبوو دوای راپەرین بەرهەمی بهینرێت، لە دۆزەحی یاری حزبەکاندا دەربهێنێت و بەرهەمیان بهێنێتەوەئەگەر ئەویش تەنها حزبایەتی ناکات.

ئیسلامی سیاسی دێت زۆرترین مزگەوت بەو پارە خێرخوازییە دروست دەکات کە بە ناوی نەتەوەلێقەوماوەکەیەوە وەریدەگرێت، لە پێناوی خزمەتکردنی ئەو سیاسەتە کلاسیکییەی کە جێبەجێکارانی مۆدیرنترین چەک لە رۆژئاوا وەردەگرن بۆ ئەنجامدانی توندو تیژی بە کلاسکیترین شێوە دەیگەرێتەوە بۆ چەندین سەدە بەر لە ئێستا، بۆ چۆنیەتی کاروباری سیاسی ئەو کاتە کە لە مزگەوتەکانەوە سەرپەرشتی کراوە. بەڵام ئایە ئیستادا مزگەوت ئەو رۆلەی ماوە کە جاران هەیبوو لە ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا. . ؟ئەگەر هەیبوو مزگەوتی ئیستا چیکرد بۆ مزگەوتی ئەنفالکراوی پێش راپەرین ؟

www.kurdistannet.org
25-4-2003 12:42

چیکرد بۆ بەهێزکردنی رۆحی نەتەوایەتی کە شەری ناوخۆ پەلەیەکی رەشە بە ناوچەوانیەوە. . . ئایە بەو ژمارە زۆرییەی مزگەوتەکان هەر مزگەوتێک یەک نوێنەری خۆی تەرخان بکر دایە بۆ ئەو مەبەستانە ئیستا زۆر شت نەگۆرابوو ؟ ئەی ئەنفال لە ناو مزگەوتەکانەوە چۆن تەجسید دەکرێت، ئیسلامیەکان مزگەوتەکانیان کردوەبە هۆکارێک بۆ گەیاندنی مەبەستی سیاسی و جارێکی دی جۆشدانی دەروونی کورد کوژی هاوزمان و نەتەوەکەی خۆی تەنها لە بەر ئەوەی جیاوازی فکرییان هەیە. . ئایە توانیان ئیلتزامی ئەخلاقی لە ناو کوردا دروست بکەن بەرامبەر بە ئەنفال ؟ یان لایەنی کەم لە ناو ئەندامەکانی خۆیاندا ؟

ئەنفال لە لای ئەو کەسانەی کە مزگەوتەکان دروست دەکەن، یان لای حزبە ئیسلامیەکان ئەگەر پرۆژە بوایە بۆ داکۆکی کردن لە بری ئەو هەموو مزگەوتە. بۆچی دوو حوێندنگەیان بۆ پاشماوەی ئەنفالەکان نەکردەوە؟خۆ زانست و زانیاریش هەر نێردراوی قورئانن بە پێ ی ئایەتەکان داوایی خودایی و مەرجی ئاینین، ئەگەر ئیسلامیەکان لەو هەموو مزگەوت کردنەوەیەدا مەبەستیان ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بێت، بۆ دوو مەشروعی ئاوی گەورەیان نەکردەوە بۆ خێزانی ئەنفال کە چەندین کیلو مەتر دەبرن تەنها بۆ ئەوەی تەنەکەیە ئاو بهێنن، ؟ ئەگەر مەبەستیان خزمەتی گشتی یەو جیاوازی ناکەن و کارە خزمەت گوزارییەکانیان تەنها بۆ ئەندامەکانی خۆیان نییەبۆ سێ مولیدەی کارەبا تەرخان ناکەن بۆ ئەو کۆمەلگە زۆرە ملێ ی کە هەتا ئیستا کەس و کاری ئەنفالی تیدا یە و تا ئیستا لەم رووەوە بێخزمەتن، بۆ دوو دەراسەی کشتوکالی ناخەنە خزمەتی کەس و کاری ئەنفالەوە کە بە خۆرایی کارە کشتوکالیەکانیانی پێ ئەنجام بدەن بە بێ مەرج، بۆ نەخۆشخانەیەکیان نەکردەوە بۆ ئەوەی بە بێ مەرج بیدەن بە حکومەت کارمەندی بۆ دابنێت و لە خزمەتی کەس و کاری ئەنفالدا بێت ؟ بەڵام دیارە ئەمانە پرۆژەی مەحالن چونکە دەکەونە دەرەوەی پرۆژەی سیاسییەوە بە واتای پرۆژەی کەسب کردن و بەرفراونکردنی دەسەڵاتی سیاسی، چونکە خزمەت گوزارییەکانیان لە چوارچێوەی ئەو هەتیوانەی کە دەدرێ بە هەندێ منال، بە مەرجیک لایەنی کەم کەسێکی نزیکی ئەندام بێت لە لایان و بە تایبەت دایکی منالەکە ئەندام بێت و هەروەها کاتێک دەچێت ئەو هەتیوانە وەردەگرێت جوبەو سەرپۆشی پۆشیبێت، بەو شێوەیە دەسەڵات دەبێت بە سێکوچکەی مرۆڤ و نەتەوەو ئاین.

با وایدابنێین کە هەر پرۆژەیەک بۆ ئەنفال پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی یەو بە ئاسانی ناخرێتە بازنەی دەسەڵاتیانەوە، بۆیە لە ئیستاد ا ئیسلامیەکان تەنانەت بە سەنتەرێکی لێکۆلینەوەش لە سەر ئەنفال نایان پەرژێتە سەر خەلکانێک، ئەگەر میکانیزمی هێزو و دەسەڵات نەبێت بۆی، بەڵام خۆ گروپە ئیسلامگەرە جیاوازەکان لە گەل هەمووناکۆکی و کێبرکێ و دژایەتێکی یەکتردا کە لە ستراتیژە سیاسیە جیاوازەکاندا دەیخەملێنن، بەلام هێشتا هێلێکی بتەو پەیوەستیان دەکات بە یەکەوە ئەویش ( قورئانە) کەچی ئەم گروپانە لە مەسەلەی ئەنفالدا پاشەکشە لە بەرگریکردنی قورئانیش دەکەن، بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە گەردونیەی سەدام بە خۆی دەبەخشێ و بەرامبەر ئەو جینۆسایدە ئاینیە تووشی دیماگۆگیەتی گووتن دەبن و هیچ هەلوێستێکی شۆرشگێرانەیان نیەبەرامبەر ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە بونیادنەری بزوتنەوە سیاسیەکەیانە، جگە لەوەی ئەو شەرعیەتەی ئەوان بە خۆیانی دەدەن جیهاد بکەن وتیرۆر و توندو تیژی بنوێنن لە پێناوی خودادا، تەنها لە گەل خەلکی هەژارو ئاسایی و بێدەسەڵاتدا پراکتیک دەکرێت، دەنا ئەوی خوێن رێژ هەموو دەسەڵاتەکان دەخاتە ژێر رکێفی خۆییەوەو ئیسلامیەکانیش بیدەنگ و بێباکن، ئەو مەسەلەیان فەرامۆش کردووە، ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە ئەم گروپانە بە تەنها دوور نین لە بارودۆخی نەتەوەیی خەلک بەلکو هەلقوڵاوی لایەنە ئاینێکەش نین، بەشدار نەبوون لە کارەسات و مەینەتیەکانی کورد و بێباکیان لە کێشەی ئەنفال و کەم نرخاندنی سورەتەکانی ئەنفال

*ودەسەڵاتەکانی گەردوون بەلگەی حزبی نێردراو ( تسدیر) کراوە بۆ ناو کوردستان دەدەن بە دەستەوە، دەنا ئەگەر گروپە ئیسلامیەکان هەستیان بە هاوڵاتی بوون و هاونەتەوەیی بوونی خۆیان بکردایە، ئەوان لە هەموو کەس زیاتر دەیانتوانی لایەنی کەم رای کشتی عەرەبی لە سەر ئەو دەسەڵاتخوازییەی سەدام کە بەناوی قورئانەوە کراوە دروست بکەن، تەنها بۆ بەرگری کردن لەو رێبازەی کە لە هەر نەتەوەو وڵاتێک بێت پابەندی دەبن، بەو مانای رێبازی گشتی قورئانە و قورئانیش عەرەبیە، تەنها بەو پیرۆزییانەی ئەوان بە قورئانی دەبەخشن و ئاین کە کۆیان دەکاتەوە بە یەکەوە، نەیانتوانی بە هەموو گروپە ئیسلامیەکان نەیانتوانی هەلوێستیکی عەرەبی یان هەلوێستێکی یەکگرتوو لە ناو نەتەوەی عەرەبدا فەراهەم بهێنن، دەکرێ بلێین ئەنفال بوو بە مەسەلەیەکی جیهانی و مافی مرۆڤی جیهانی بەرگری لێکرد، ئەمە راستە و بەڵام پەیوەندی نێوان کوردو عەرەب، هەمیشە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات و سەید و کویلە بووە، ئیستاش کە باس لە کورد بکەیت لە گەل عەرەبدا، پێویستە باسی دەسەڵاتی عەرەب بکرێت و هەتا ئیستا نەتەوەی عەرەب باوەری بەوە نیە کورد باسی سەربەخۆیی خۆی بکات، یان بگووترێ کوردستان پێویستە بگووترێ باکوری عێراق، ئایە ئەگەر ئیسلامیەکان شیکردنەوەیەکی جدی و شیاوی ئەو جینۆسایدە ئاینیەیان بکردایە، کاریگەریەکی بابەتی نەدەبوو بۆ سەر مەسەلەی کوردو پەیوەندی کورد و عەرەب، گروپە ئیسلامگەرەکان لەسەر ئەو ناچیزەیەی بەرامبەر بە ئاین کراوە لە لایەن رژێمی سەدامەوە، چەند کتێبیان بە زمانی عەرەبی خستە کتێبخانە وڵاتانی عەرەبیەوە ؟ چەند جار کێشەی خەلکانی پاشماوەی ئەنفال و چارەنووسی ئەنفالیان کرد بە پرۆژەو دایان بە وڵاتانی عەرەبی، مادەم لە زهنی ئیسلامدا ترس لە رۆژئاوا و ترس لە عەقل و ترس لە مۆدیرنە شکستی چواندنی ئەنفالی پێدەبەخشێت بۆ بونیادێکی نەتەوەیی و رەمزێکی هەمیشە لە بەر چاوی کشتگیر، ئەمە لە کاتێکدا مۆدیرنترین چەک لە رۆژئاوا وەردەگرن بۆ پراکتیزەکردنی پرۆسەی توندوتیژی، کەواتە دەبێ بێدەنگی و بەرپرسیارێتی هەلنەگرتنی ئیسلامگەرەکان هۆی چیبێت ؟ ئایە ئەوان خەلکانێکی تر ئیزنی قسە کردن و دەنگ هەلبرینیان دەدات ؟ یاخود هەتا ئەو ئاستە بایەخ بە کەلتورە دەدەن کە شەرێکی راستەقینەیان بۆ دروست دەکا ؟دەنا گەرچی ئەوان فرەیی گەیاندوونی بە کایە سیاسیەکان بەڵام وەکو ( رفعت السعید) ئەلێ ( لایان وایە تەنها دوو حیزب هەیە، حیزبی خوا کە فەرمانی پێداوەناوی خوا بەرز بکاتەوە و حزبی شەیتان کە نابێ رێی پێ بدریت) لێرەدا ئەگەر جینۆسایدە مرۆییەکەش لە سەدام بکەینەوە، هێشا بەرامبەر بە ئاین و بەرانبەر بە ئیسلام لە حزبی شەیتاندایە و پێویستە جیهادی بەرانبەر بکرێت، بەڵام ئیسلامگەرەکان لە بەرانبەر هێزی زلهێزدا غیابی جیهادیان کردووە بە چارەسەر، وەکو چۆن کۆمەلێ گەنجی بێبەش و دابراو کۆدەکەنەوە لە خۆیان بۆ کاری سیاسی بە هەمان شێوە بریاری شەرو جیهادیش بەرانبەر بە کۆمەلێ خەلکی نەدارو بێ دەسەڵات دەدەن، بەرگری کردنیش لە کێشەنەتەواتیەکان دیسان لەو فاکتەرانەدایە کە دەچێتەبازنەی خەلکە بێ دەسەڵاتەکەوە، نەک دەسەڵات و زلهێزی دەسەڵاتەکان، ئەمەش خواستیان لە سەراپاگیرییەوە دەگوێزێتەوەبۆ کەمینەیەک خەلک گوزارشت لە ئایدۆلۆژیاو خواستی کۆمەلێک جەماوەری بێ ئاگا لە زانستی سیاسەت و بێ ئاگای ئەو دیو شوراکانی عەقلی ئەوان، ئەوانەی رەهەندی بینینیان لە دەورو بەری خۆیان و ئەو ستراتیژەی ئیسلامگەرەکان بۆی دارشتوون تێ ناپەرێ، لەمەشدا هیچ پەراوێزێک بۆ عەقل و لۆژیک ناهێلێتەوە. .*

- *ئەم نووسینە بەشیکی کوتکراوەیە لە نووسینێکی درێژ دەربارەی ئەنفال سالی ٢٠٠٠ نووسراو ە لە ژمارە دووی گۆڤاری نوێکاردا بلاوکراوەتەوە*

*سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:*

*١- القران الكريم : وەرگێرانی بۆ کوردی محمد سالح ابراهيم ( شەپۆل)*

*٢-جينۆسايد لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ( ميدل ئيست ووچ) وەرگێرانی : سيامەند موفتی زادە .*

*٣-کتێبی ئيسلامی سياسی. . . . زنجيرە٤ ٤- يەکگرتووی ئيسلامی کوردستان. . . حزبی کارايی غافلگير. .*
*. . هێرش (*

*تێبينی کوردستان نێت:*

*ئەم نووسينە دەربڕينی بيروبۆچوونی خاوەنەکەيەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسيار نييە.*

www.kurdistannet.org کوردستان نێت